# کێ بەرپرسیارە لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە؟

هشام ئاکرەیی

لە دوای تێپەربوونی ١٥ ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا، هێشتا ساخ نەبووتەوە لای کورد، کێ شارەکەی کیمیاباران کردوە. هەندێکیان ڕژێمی عێراق و سەددام تاوانبار دەکەن. هەندێ کەسیش پارتە کوردستانیەکان و ئێران تاوانبار دەکەن و بە تایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی، یان ئەو لایەنانە بەتێکرایی تاوانەکەیان ئەنجامداوە.

ئەم کردەوە و لێکدانەوەی کورد، ڕەوشتی تاوانباران وبکوژی موحتەریف و شارەزا دێنەوە بیرم. کاتێ چەند کەسانێک بە یەکەوە دان بەوەدادەنێن کە ئەوان تاوانێکیان ئەنجام داوە بەمەبەستی بزرکردنی تاوانباری تەواو و سەرەکی.

بۆ ئەوەی نەڕۆینە ناو درێژایی بابەتەکەو ناچار نەبین بەدوای دێکومێنت و شاهید و بکەران و بەشداربوانی شەڕ و کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا بگەڕێین، کە حالی حازر مومکین نییە، دەبێ لە بەرپرسیارانی یاسایی بگەڕێین نەک بەرپرسیارانی ئەخلاقی و ڕێخۆشکەرانی ڕۆداوەکە. لە بەر ئەوەش دەبێ پرسیاری یاسایی بکرێن و بە شێوەیەکی یاساییش کارەساتەکە لێکبدرێتەوە.

ئەگەر ئەو کەسانەی لێکدانەوە دەکەن لە سەر بکەرانی ئەو کارەساتە، لە دادگایەکی ناو نەتەوەیی بن و دادوەر پرسیارێکی ڕاستەوخۆ ئاراستەیان بکات. ئەویش،

کێ ژەهری کیمیاوی بە شارەکەیدا باراند؟ چ وڵامێک دەدەنەوە؟

**شاهدی یەکەم:**

وەڵام: ئێران و پاسدار بە یەکەوە لە گەڵ هێزە کوردیەکان هێرشیان کردە سەر شارەکە. . . . . . . . .

دادوەر: من دەمەوێ وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە نەک شتێکی تر و بەقد پرسیار وەڵام بدەوە.

وەڵام: جەنابی دادوەر تەیارەکانی سەددام

**شاهدی دووەم:**

دادوەر: کێ ژەهری کیمیاوی بە شارەکەیدا باراند؟

وەڵام: یەکێتی و بزوتنەوە بە پێش لەشکری ئێران کەوتن و ئەو کاتە شەڕ هەبوو لە نێوان ئێران و عێراقدا ولەشکری ئێران شارەکەی گرت. . . . . . .

دادوەر: کێ کیمیای بە شارەکەدا کرد؟

وەڵام: بەرێز تەیارەکان و تووپەکانی لەشکری عێراق.

**شاهدی سێیەم:**

دادوەر: ڕاستە لەشکری عێراق بە تووپ و تەیارە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی کرد؟

وەڵام: جەنابی حاکم ڕێکەوتنێکی نهێنی هەبوو لە نێوان یەکێتی و ئێران و جەندین بەرپرسیاری یەکێتی لە ناودا بوون.

دادوەر: لە سەر چی ڕێکەتبوون ؟

وەڵام: بەرێز هێرش بکەنە سەر شاری هەڵەبجە.

دادوەر: وواتە تەیارەکانی ئێران و هێزەکانی یەکێتی کیمیابارانی شارەکەیان کرد؟

وەڵام: نا بەرێزم بەڵام. . . . . .

دادوەر: مەڵێ بەڵام، پێم بڵێ کێ شارەکەی شەهید کرد، بە دەستی کێ شارەکە کاولکراو و ئەوەندە خەڵکە کوژران؟

وەڵام: بەرێز تەیارەکانی سەددام.

دادوەر: سەددام و تاقمەکەی تاوانباری جەنگ و مرۆڤایەتین.

بەڵێ بەڕێزان سەددام و تاقمەکەی بەرپرسیاری یاساییان هەیە لە ئەنجامدانی تاوانی کارەساتی هەڵەبجەدا، نەک کورد. کەبوو بە شەڕ، بەهیچ شێوەیەک کوشتنی کەسانی سڤیل و مەدەنی جائز و ڕەوا نیە. یاساییک هەیە بەناوی یاسای شەڕ و مافی خەڵکی سڤیل لە حاڵەتی شەڕدا. یاسا یەک شتی تێدایە ئەویش، کێ کارەکەی کردەوە نەک لە بەر چی. ئەگەر بەدوای لەبەر چی بگەڕێین، ئەوە کەس تاوانبار نییە و دەبێ هەموو ئەو کەسانەی لە ناو زیندانەکاندان ئازاد بکرێن.

دەبێ بزانین ئایە ئەو هۆیانە ڕەوان یان نا. لە هەشتاکان هەر چێگایەک شەڕی لێ ببوایە ڕژێم تەختی دەکرد. ئایە ڕەوا بوو. لە هەشتاکان هەر کەسێک خزمێکی لە ناو شۆڕش یان لە دەوەی وڵات بوایە، ڕژێم کەسوکاری دەگرتن و دەخرانە ناو زیندانەوە. ئایە ڕەوا بوو؟ ئێستا زۆر کەس هەیە کچ یان ژن دەکوژن بەناوی پاراستنی شەرەف. ئایە ڕەوایە؟ ئایە کێ تاوانبارە لە کارەساتەکانی ناکازاکی و هیرۆشیما لە یابان؟ ئەگەر بەم شێوەیەبێت دەبێ خودی یابان نەک ئەمریکا، تاوانبار بکەین. چونکە یابان لە شەڕی وازی نەدەهێنا وئەمریکا وەک بەرگری لە خۆی چەکی ئەتومی بەکاری هێنا. بەڵام سەرەڕای ئەوە، هەر ئەمریکایە ئەنجامدەری تاوانەکە و تاوانبار. چونکە چەکی ئەتومی بەکار هێنرا لەو هێرشەدا نەک چەکی ئاسایی. لە هەڵەبجەش چەکی کیمیاوی بەکاهێنرا نەک هی ئاسایی.

زۆر کەس هەیە دەڵێت لە کاتی هێشکردنە سەر شاری هەڵەبجەدا، پێشمەرگەکان تاڵانیان کرد و ئاگایان لە خەڵک نەما و بەرگرییان لە شارەکە نەکرد ئەگینا ئەوەندە زیانی نەدەبوو و هتد. . . . . . ئەوانە ڕاستن بەڵام واتای ئەوە نادات کە سەددام و تاقمەکەی کارەکەیان ئەنجام نەداوە. باشە خۆ لە شاڵی ١٩٩١ یش هەر بەو شێوەیەبوو. سەربازگاکان و دەزگا حکومیەکان تاڵان کران و ئەوەندەی لایەنەکان خەریکی کۆکردنەوەی پیرە بوون، ئەوەندە خەریکی خۆ ئامادەکردن نەبوون بۆ بەرگریکردن لە خاکی ڕزگارکراو. بەڵام ئەوە واتای نیە کە پارتە کوردستانیەکان بەرپرسیاری یاساییان هەیە لە کۆڕەو ئەو کەسانەی شەهیدکران لە کۆڕەودا. بەرپرسیار سەددام و تاقمەکەین. هەموو شتێکی تر دەکەوێتە خانەی ڕەخنە و دژایەتی و ڕێکنەکەوتنی سیاسی و جیاوازی بیرورا و پەیرەو.

ڕژێمی سەددام سیاسەتێکی تری هەبوو لە گەڵ شارەکانی تری عێراق و ئەوانەی مەترسی داگیرکردنیان هەبوو لە لایەن ئێرانەوە. ئەویش چۆڵکردنی شارەکان بوولە کەسانی سڤیل و مەدەنی. بۆ نموونە شارەکانی فاو و قورنەی نزیک شاری بەسرە. کاتێ کە هێرشی ئێران نزیک بوو لەو هەردوو شارە و چەند شارێکی تر، چووڵ کران.

ئەگەر عێراق نیازی پاراستنی کوردی هەبوایە، بەهەمان شێوە مامەڵەی لە گەڵ شارەکانیشیان دەکرد. باشە بۆ سەددام هەرەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد لە کورد بەر لەو ڕۆداوە و هێرشی هاوبەش بۆ سەر شارەکە؟

با شتەکان وەک چۆن ڕۆیداون و بە چ مەبەستێک ئەنجامدراون، هەڵیان سەنگێنین. با کارەساتی هەڵەبجە نەکەینە بابەتێکی کرین و فرۆشتن و موزایەدەی سیاسی. هەندێ لە برادەرانی ڕۆژهەڵات لەبەر ئەوەی دژی ڕژێمی ئێرانن دەڵێن، ئێران تاوانبارە. ئەوانەی دژی یەکێتی و بزوتنەوەن، دەڵێن یەکێتی یان بزوتنەوە یان ناسیونالیزمی کوردی تاوانبارە.

منیش دەڵێم گەر بە کەر ناوێرین واز لە کورتانەکەش بێنین و ئەم جۆرە قسانە لە ڕۆی یاسایی یەوە هێچ نرێخێکیان نیە. چونکە دادوەر و حاکم بەدوای ئەنجامدەر دەگەڕێت و هۆی ناڕەوا پەسەند ناکرێن.

karzan@spray.se

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣